عیشق بە وێرانبونەوە جوانە..
شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

زیندانی ساتەکان، تۆیان
ڕاپێجکرد، تا لە نێو
گڕوکڵپەی ڕۆحی
خۆتا بسوتێی، شەو
جەستەکان ئەبات، قژی
دار چنارەکانیش سپی بوون
لە چاوەڕوانی تۆ، ئەو سوتماکەی
ماوەتەوە ، ئاسەواری
بروسکەی چاوی ئۆقیانوسێکە
لە ئازارو شکستی ڕۆشتن ، ئیتر
با گوڵاوی زەریا
بە تامی هەنگوین، کەمێ
چۆڵەوانی
ناخ سازگار کات
کە دیار نیت
یادەکانت، با ڕەوە پەپولە
ئاڵتونیەکانی دوێنێی لەدەستچوو
بهێنێ ، لە هەر کوێ بی، چیای
تەنیاییە ، چی وحەشەتناکە
شاری سەفەر، بیرکردنەوەش
وەک کۆشکی چۆڵ و وێرانەی
دڵە، تۆ هەڵگری چی خەمێکی
ئەی شنە بای تەنیایی
ووشەییەک ناوەرێ
لە گەرووی پایزێکی
درەنگی بێ باران و
کوا سۆناتای
سەر لێوی ئەو شکۆفانەش
بە دەستمانەوە ، وەک
پروشە بەفری ڕەش وەرین
پەڕی پچڕاوو و سوتاویشن، یادەکان
هەیوانەکەی پڕ کردوە ، و لە سەمای

شێتا نەن ، تا تۆ
ئە گەڕێیتەوە، سترانی بێدەنگی
چۆڵەوانی مێشک دەهاژێنێ، بەڵام
دڵ ئێستا بەردە
چرپ□ یەکیشت
بە دیوارە ساردەکانیشا
تێپەڕ نا بێ، ئەمجارە تۆ
تارماییەکی نیوە شەو بە
وەک ڕیتمی گیتارێکی غەمگین
خۆت بکەوە
بە مالێکی چۆڵا
لەوا نەشە
سەفەر هزری شێواندبین
یەکمان بیرنەما بێ
دەزانم
ئەبێ لە کێڵگەی ڕەشی
کاتی لەدەستچووا بمێنم
تازە پۆلە ڕیشۆڵە سپیەکانی
بەرائەت ناگەڕێنەوە
دەرگاکانیش داخران، شارەکان
زیاتر لە چاو وون ئەبن، دەشێ
کتێبی شیعری دەستی پیاوی زەریا
سەربورەدەیەکی دەربارەی
چارەنوسی ئێمەی تیا نوسرا بێ
سەرگوزشتەی رۆشتنی ئێمە
چی سەمەر□ یە
ڕۆشتنی تۆش
هەر کۆتایی نا یەت،
درۆ بوون، ئەو هەواڵا نەی
باسی لە گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانەش ئەکرد
لە ژێر تروسکەی زیوینی مانگێکی
خۆکوژی قورمزی سەفەرا
دەهاتنەوە، ئێستاش
هێدی هێدی
لافاوی ساڵەکان
جەستەی جێهێڵدراو
ڕا پێچی زەریای غەمێکی نەمر ئەکا

وەک پیمان بڵێ، عیشق
بە وێرانبونەوە جوانە